سه‌روتار

ناسر مورادی

رۆژهـــــەڵاتی کـــــوردستان بە دۆخێکـــی هەســـتیاردا تێدەپـــەڕێ. دۆخێکـــی نەخـــوازراو و بـــە هەمان رادەش پێشـــبینیکراو. کـــورد و بزاوتـــە نەتەوەییەکـــەی، بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە، خاوەن مێژووە. لە چەشنی هەموو رەوت و بزووتنەوە فیکری و سیاســـییەکانی هاوچەرخی خـــۆی، گەلێک قۆناغـــی بریوە. هەر قۆناغەش هەڵگری کۆمەڵێک ئاڵنگاری و دەســـتکەوت، بگرە چەقبەســـتن و هەستانەوە بووە.

بە بنەماگرتنـــی بزووتنەوەی ژینا و واوەتر، ئـــەو رووداوانەی کە بە دوایدا هات، تا دێ باســـی زیاتر هەڵدەگرێ. لەگەڵ دەرخستنی سەرمایەی مرۆیی و سیاسی و شوێندانەریی ئەم رووداوە، هـــاوکات خەســـارەکانیش خۆیـــان زیاتـــر دەردەخـــەن. بزووتنەوەیەک کە کـــورد خاوەنـــدار، رچەشـــکێن و دەستپێشـــخەری بـــوو، بەرەبـــەرە پەردەی لەسەر بۆشـــایی، ناکۆکی و دژبەیەکییـــەکان لـــە رەوانینی لایەن و هێزەکانـــی چالاک لـــە کۆمەڵگای کوردســـتان هەڵدایـــەوە. ئەمە کۆی بابەتەکە نەبوو. تەنانەت ئەم ناکۆکییانە لە پەیوەندیـــی نێوان ئۆپۆزســـیۆنی ئێرانـــی و بزووتنـــەوەی نەتەوەییـــی کوردستان و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەی ســـەر جوغرافییای ئێرانیش بۆ جارێکی دیکە ســـەری هەڵدایەوە. «لە ســـەرەتاکانی بزووتنەوەی ژینادا، کۆمەڵێـــک هـــۆکاری جنســـییەتی، نەتەوەیـــی و چینایەتی، خەریک بوو لـــە ژێر چەتـــری کۆمەڵێک چەمکی هاوبەش کە گرینگترینیان «ژن، ژیان، ئازادی» بـــوو، زۆرینەی کۆمەڵگاکانی ئێران پێکـــەوە ببەســـتێتەوە، بەڵام کەلتووری سیاســـیی پاوانخـــوازانە، نەیهێشـــت ئەم هاوپەیوەندییە بیچم بگرێ و ناســـنامەیەکی هاوبەش ساز بێ. لە بەســـتێنی ئـــەم کەلتوورەدا، پێکهاتەی بزووتنەوەی ژینا، لە لایەن ناوەندگەراکانەوە تێک شکێنرا و کرا بە «جنبش مهسا»؛ بەم چەشنە «ئەویتری» بزووتنەوەی ژینا ســـاز بوو. ئاراستەی هەوڵەکان، دیســـان لەپەراوێزخستن و بڤە نیشـــاندانی پرسی نەتەوەیی و ناسنامەی ئەویترەکان بوو.»

پێویست بە سەلماندن ناکات، لە پانتای سیاســـی و لە فـــەزای بیرکردنەوەی هێز ولایەنە ئێرانییەکان بە رۆشـــنبیر و ئاکادیمیسییەنەکانیشـــەوە، هیـــچ مەودا و دەرەتانێک بۆ ناســـینی مافی نەتەوەییـــی هەرێمە بندەســـتەکان لەئـــارادا نییە. لە باســـی تێپەرین لە دۆخی هەنووکەیی، کەلێنێکی گەورە بە زەقی دیارە. کەلێنی نێوان رووخان و بنیاتنـــان. کۆی باســـەکە لە نێوان پەراوێز و ناوەندگەراکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر پێشـــمەرجەکانی رووخان و بنیاتنان. ناوەندگەراکان کۆی باسەکە دەبەنـــەوە ســـەر «تمامیـــت ارضی» و وڵاتـــی یەکپارچـــە و ئەگەرەکانی هەڵوەشـــاندنەوەی خاکـــی ئێـــران؛ پەراوێزیش باســـەکە دەباتەوە ســـەر مافی دیاریکردنی چارەنووس.

خـــوێندنەوەی رەخنەگـــرانەی دۆخی ئێســـتا، دەرئاوێکـــی رووتر لە هەلومەرجەکە بە دەســـتەوە دەدات. گەرانـــەوە یـــان بـــە پێچەوانـــەوە، دەربازبـــوون لە دۆخـــی پەراوێز کە دۆخی بندەســـتی و بێ دەسەڵاتییە، ســـەرنجەکان دەباتەوە لای چەمکی «ســـەروەری» و لـــە هەمـــان کاتـــدا توانستی بەکارهێنانی.